# ( بەڵێ ) یەکی نابەدڵ !!

## ئاسۆعەبدوللەتیف

ووردبوونەوە لە ساتەوەختی بەڵێ و نەخێرەکانمان بۆ پانزەی ئەم مانگە و وەستانمان لە بەردەم پرۆسەیەکدا بۆ شەرعیەتپێدانی دەستوری هەمیشەیی عیراق، ووردبونەوەیە لە دۆخێك  کە خۆمان هەڵمان نەبژاردوەو جارێکی تر نەتەوەی کورد غەریب و بێکەس ئەکاتەوەو ئەیخاتەوە نێو فۆرمێکی عیراقیانەی کۆنکرێتی وەها کە بواری بزوتن و هەستی شۆرشگێری و چالاکی سیاسی بەتەواوی ئەکوژێت، کە ئەڵێین چالاکی سیاسی ئەکوژێت مەبەستمان ئەو چالاکیانەیە کە لە بۆتەی نەتەوەی کوردو نێو ئەجێندایەکی گەرمی سیاسی خۆماڵیانەدا بێت و بچێت، دەکرێت هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بکرێت بە میدیایەك کە چالاکی خۆماڵیانەی خۆی لەدەست داوەو دروشم و ستراتیجێکی عیراقیانەو تیۆرێکی عەرەبی ئاراستەی ئەکات.

ئەو میدیا کوردیە زۆر خراپە بەو شێوەیە شەقامی کوردی ئەدوێنێ و ئاراستەی ئەکات کە بەڵێ بدەن لە سەر دەستوورێکی عیراقیانە کە کەمترین مافەکانی تاکی کوردەواری تێدایە، باشە ئەگەر بەکەم رازی بین سبەی زۆر وەرئەگرین؟ باشە ئێمەی کورد کەی بەکەم رازی نەبووین؟ یان کەی داوای زۆرمان کردووە؟ هەر بەشی ئێمە کەم بووەو مەینەتیەکانیشمان بە پێچەوانەوە چل مەن؟!!

وەهمێك دروست بووە ئێستا لە شەقامی کوردیدا کە زۆر بەمەترسی ئەزانێت دەستوور رەد بکرێتەوەو بەموستەحیلیشی ئەزانێت کە پرۆژەیەك هەبێت وەکو ئەڵتەرناتیڤی ئەو رەشنوسە، لە کاتێکدا دەبوو کورد دەیان بەدیل و رێگەچارەی هەبایە، ئەم وەهمە درێژەی ئەو خۆبەکەمزانینەی دەسەلاتی کوردییە کە ماوەی 14 ساڵە نواندوێتی لە بەرانبەر بچوکترین و لاوازترین یەکەی سیاسی و کەسایەتی دەرودراوسێ و دەوڵەتە بێگانەکاندا، تەنانەت لەبەرانبەر رۆژنامەنوسێکی نەناسراوی بیانیدا ئەوەندە والاو کراوەین بە گوتەرە زانیاریەکانیان بۆ ریز ئەکەین کەچی زۆر ئەستەمە ناسراوترین رۆژنامەنوسی کورد بتوانێت چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسی ساز بکات لە گەڵ یەکێ لە سەرکردەکانی یەکێتی و پارتیدا.

باشە بۆچی مەترسی رەدکردنەوەی دەستوورمان هەیە بە نەخێر؟ ئەم پرسیارە لە قوڵایی خۆیدا هەڵگری مەغزایەکە کە پێمان ئەڵێت کوردو حکومەتەکەی لەبەرانبەر ئەو دەستوورە کەمخوێندا زۆر دەست سپیەو هەموو خەونەکانی بەستۆتەوە بەو دەستورەوەو لە حاڵەتی نەخێردا خاوەنی هیچ بەدیلێك نییە، هەمیشە کورد بە هیلاکا چووە لە دانوستاندنەکانداو شتێکی نەبووە بەناوی هونەری موفاوەزات یان لاواز بووە تیایدا و رازی بووە بە پشکە کەمەکان و دواجار ئەویشیان نەداوەتێ و گوڵیان لێ کردووە، ئەبێ بپرسین بۆ ئایندەی نزیك کورد بۆ ئەوەندە ئەترسێت لە هاوپەیمانی سونەو شیعە؟ لە کاتێکدا ئەگەر مەسەلە نفوزی دەسەلاتی حەوزەی قوم و ئێران نەبێت ئەوا بۆ کورد سونە نزیکترو لە پێشترە بۆ هەر ئیئتیلاف و هاوبەندیەك کە سبەینێ ببەسترێت تا لەحاڵەتی هەڵبژاردن و نوسینەوەی دەستورێکی تریشدا بیباتەوە، ترسی نەخێر بۆ دەستوور ترسە لە بەدەستنەهێنانەوەی کورسیەکانی پەرلەمان، ترسە لەو دەنگانەی کە خۆشمان نازانین چۆن بەدەستمان هێنا، ترسە لەو نفوزە شیعییە کە کورد ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات لە بەرانبەریدا، بۆیە هەر لە

ئێستاوە بریاری داوە هاوبەندیەکەی لەگەڵ شیعەدا تۆختر بکاتەوەو بەهیواشە پۆستەکانی وەك خۆی بمێنێتەوە !

ئاخر چەمکی نەخێر ئەوەندەش ناشیرین نیە کە ئێمە لێی ئەترسین و بگرە یەکێکە لە چەمکە بەرجەستەکانی دیموکراسیەت و کۆڵەگەیەکی پتەویشیەتی، باشە گریمان دەستوور نەبوو یان لە هەڵبژاردنی ئایندەدا کوردەکان دەنگیان نەدا و زۆر ئینتیمایان بۆ سندوقەکان نەبوو؟ وەك چۆن تا ئێستاش ٪60 ی شەعبی ئەمریکی ئینتیمایان بۆ پرۆسەکانی دەنگدان نییەو هەر نازانن دەنگدان چییە، ئایا ئەبێت کورد چاوەڕوانی ئەنفال و ژەهر بکاتەوە لە دەسەڵات؟! ئێمە گەر ئەوەندە ئەترسین و تەحەوفوزاتمان هەیە لەو کابینە حکومی و دەسەڵاتە سیاسیەی ئێستای بەغداد بۆچی ئەوەندە موجامەلەی ئەکەین و بۆچی هەر لە ئێستاوە پەیوەندیەکان ناپچڕێنین لە گەڵیاندا ؟ ئایا ئەزانین کە بەگومانەوە ژیانکردن لە گەڵ دەسەڵاتدا عاقیبەتێکی شەرانی ئەبێت و باش نابێت.

بەڵام چونکە ئێمە هەر لە بنەرەتەوە لە دیموکراسیەت ترساوین و نەگەراوینەتەوە بۆ رای خەڵکی ئەوا لە نەخێریش ئەترسین، ئەگەر لە یەکێتی و پارتی بپرسین کوا ئیمزاکانی ٪99ی خەڵکی بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی ئەبێ وەڵامیان چی بێت؟؟ بۆیە بەردەوام خواستی ئێمە لە کۆمەڵگادا خواستێك نیە بۆ جیاوازی و رەخنەو نەخێر بەڵکو خواستێکە بۆ بەڵێکان و رازیبوون و سەر نەویکردنەکان و خواستێکە بۆ بەجێهێنانی خواستەکانی خۆیان و حیزب نەك خەڵك و جەماوەر، لە کاتێکدا ئێمەی کورد بەحوکمی دۆزی رەواو شەرعیەتی پرۆژە نەتەوەییەکەمان دەبوو هەرگیز لە رەدکردنەوەیەکی لەو جۆرە نەترساینایەو بگرە پرۆژەی بەدیلیشمان وەکو پرۆژەکی دەستوریی هەرێمە فیدراڵەکەی خۆمان هەبووایە و ئامادە بکردایە لەبەرانبەر شەقامی عەرەبیدا، وە هێلکەی مریشکە کوردیەکانی خۆمان بەتەواوی نەخستایەتە ناو سەبەتە خورماکەی ئەوانەوە، دڵنیام ئەگەر کورد بەڵێیەکیشی هەبێت بۆ دەستوور ئەگەر ok نەبێت !! ئەوا بەڵێیەکی نابەدڵەو لە سبەی زووتر مێژوو مەحکومی ئەکات و ئایندەکەی ئەبینین...